Komala Party _ Iranian Kurdistan
Central Committee

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
کومیتەی ناوەندی

## ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە:

# خەڵکی کوردستان بە تەواوی، هەڵبژاردنیان تەحریم کرد

بەپێی دوایین هەواڵەکان هەتا سەعات 8ی ئێوارەی ڕۆژی هەینی 27ی جۆزەردان، لە پارێزگای کوردستان و پارێزگا کوردنشینەکانیتر و بەگشتی لە هەموو کوردستان، بەرینترین تەحریمی هەڵبژاردن لە لایەن خەڵکی کوردەوە بەڕێوەچوو. سندووقەکان و ناوەندەکانی دەنگدان بە تەواوی چۆڵ بوو و تەنانەت بەکرێگیراوانی ڕژیم و هێزەکانی دەرەوەی کوردستانیش لە ترسی گوشاری جەماوەر بۆ بەشداری نەکردن، نەیاندەوێرا بچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان.

ئەمڕۆ هەموو کوردستان شاهیدی نوێگەری و تێگەیشتنی جەماوەری بۆ تەحریمی ئەم شانۆ دژە شۆڕش و نادیموکراتیکە بوو. ئەمڕۆ کوردستان سەربەرزتر لە پێشوو، خۆی سەلماند و بە هەمو جیهانی نیشاندا کە هاوپشتیەکی قووڵ  لە نێو خەڵکدا گەشەی کردووە و جارێکیتر "نا"یەکی بەهێزی بە کۆماری ئیسلامی وت. بێگومان ئەم تەحریمە بەرینە هەنگاوێکی بەرەوپێشەوەیە لە خەباتی خەڵکی کوردستاندا و بۆ نیشاندانی خواستی بەرینی ئەم گەلەیە بۆ گەیشتن بە ئازادی و مافە نەتەوەییەکانی.

ئێمە پیرۆزبایی ئەم سەرکەوتنە لە هەموو ژنان و پیاوانی کوردستان، لە هەموو هەڵسووڕاوان و خەباتکارانی شێلگیر و ماندوونەناس دەکەین کە هەوڵیان بۆ تەحریمی هەڵبژاردن دا.

ئەم تەحریمە نەك هەر  وڵامێکی ددان شکێن بوو بە ڕژیمی تۆتالیتێری ئیسلامی، بەڵکوو وڵامێکی توندیش بوو بۆ ریفۆرمخوازانی دەوڵەتی لە کوردستان.

بژی بزووتنەوەی رزگاریبەخش و ئازادیخوازی کوردستان

بژی دیموکراسی و ئازادی

مەرگ و نەمان بۆ کۆماری ئیسلامی

کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

27-3-1384

17-06-2005

www.komala.org

Email: Komala1348@hotmail.com
Tel: **(0044704)3150289**
Tel: **(0044704)3160752**
Mobile: **009647701405134**
**Fax: 00447043140449**